Dengekan

# کێ دەسەڵاتی خۆش دەوێت؟

عومەر جەلال
omerjelal@yahoo.com

دەچیتە ناو هەر تەکسیەکەوە بابەتی ڕەخنە لەدەسەلآت درووست دەبێت ,لەڕیزی بەنزین و نەوت و تەنانەت ڕیزی نان کڕینیش هەر
ەسە و بێزاری خۆی نیشان دەدات بەرانبەر دەسەلآت و دونیایەك گلەیی هەیە,لەپرسەی مردووەکاندا لە باسکردنی دەسەلآت زیاتر هیچی
یکە بوونی نییە ,هەر رۆژنامەیە و بەمانشێتێکی گەورە گەندەڵی دەسەلآت نیشان دەدات (رۆژنامە سەربەخۆکان) .

ندالە گولەبەرۆژە فرۆشەکان لەبری هاوارکردن بۆ فرۆشتنی گولەبەرۆژە هاوار لە بێئاگای دەسەلآت دەکەن و دەسەلآت نایانبیستێت ,کەس
کاری قوربانییەکان زۆرینەیان پەشیمانن لەو پاداشتە هیچانەی پێیان دەبەخشن,هەر مامۆستایە و گلەیی لە بۆگەن بوونی سیستمی
ەروەردە دەکەن و کەس گوێ یان لێناگرێت,هەموو گەنجەکان نیشتمانیان بەجێهێشت و گەنجی عەرەب و ئاسیایی بوونەتە شوناسی گەنجی
وردی و کارەکانمان لەسەر ئەوان دەڕوات ,شەقامە بێزارەکانی گەرمیان ئەگەر توانایان هەبووایە خۆیان لوول دەکرد و ئەگەڕانەوە بۆ ماڵی
ردن و چیدی چاوەڕوانی خزمەتیان نەدەکرد,کەلاوە کۆنەکانی هەڵەبجە ئەگەر تەنیایی رێگایان بدات خۆیان دەخۆنەوە و واز لەم گەمە
ێمانایە دێنن دەسەلآت پێیان دەکات,خەڵکی ئۆردوگاکانی (شۆرش و رزگاری) ئەگەر ژیان رێگایان پێبدات بە کۆمەڵ خۆیان دەکوژن و چیدی
چاوەرێ ی دەستی دەسەلآت ناکەن رووفاتی ئەنفالەکانیان بۆ بێنێتەوە,

رۆسەی بێزاری کۆمەڵگە لە دەسەلآتی گەندەڵ و سست لە کار و پرۆژەکانیدا گەیشتووەتە لوتکە و زۆرینەی رێژەی هاولآتیان پێکدێنن بە
ەندامی خودی حیزبەکانیشەوە,تەنانەت دۆخەکە گەیشتووەتە ئەوەی چەند بەرپرسێك دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان ئەنجام بدەن و
ێزاری خۆیان دەربڕن بەرانبەر ئەم هەموو جیاوازیەی حیزبەکان دەیکەن هەر لە پاوەن کردنی داهات و شاردنەوەی مافی هاولآتی و
ێدەنگبوون لە پرۆسە چارەنووس سازەکانی وەکو مادەی (140) و هەڕەشە توندەکانی تورکیا و فەرامۆشکردنی دۆزی ئەنفال و کەمتەرخەم
وون بەرانبەر بەگەنج.

ێزاری و بێئومێدی تاکی کوردی و بێدەنگی شەقامی کوردی دەرەنجامی ئەم جۆرە ئایدۆلۆژیەی حیزبەکانە و هاولآتیش بەمافی خۆی
ەزانێت پاش نزیکەی چارەکە سەدەیەك لە ئازادی و نەمانی بەعسیزم لە کوردستاندا خۆپیشاندان و تێکچرژان درووست بکات ,ئەشێ
ارەساتی دیکەی بەدوادا بێت ئەگەر دەسەلآت لەم خەوە قوڵەی هەڵنەستێت.